شیعر




تەرزە جاف

# دوعا

کچێکی عاشق
چمکی کراسەکەی لە هەوەسی چەند پیاوێک گیر
تاڵی پرچیشی
لە بلۆکی ژنکوژەکان.

کیژۆڵە
عاشقی پیاوێک
کەچی دەیان پیاو تینووی خوێنی.
لە دوایین هەناسەکانی ژێر بەردبارانیش
تەنیا دوو پەنجەی زیندوو
بۆ داپۆشینی
لە چاوی کامێراکان کۆشی.



لە بەعشیقە، یا لە هەولێر

له رانیه، یان له «باعەدرێ»
خۆ دوعاش نەبێ
نەسرین
شۆخان
یانیش هەر خۆم
بە تاوانی بنێشتێک
بە پاساوی قریوە پێکەنینێک
یان بە هەنجەتی پانتۆڵێکی کاوبۆی
پرچی
عەشقم لە بلۆکی حەشەریەک گیر
مەمک خەڵتانی ناو زیخ
مێشکم پڕاوی سەر ئەو پێڵاوانەی
لە خاوەنەکانیان بەهادارتر.



ئەی تەلیسمە ڕووناکە لە من دوورەکان
لەم وڵاتی چاوی حەشەری و
پیاوی حەشەری و کولتووری حەشەریەدا
هیچ دوور نییە پەنجەی فەتوایەک لە من بوەشێنرێت
بلۆکێک لە دیوەخانی ژنکوژیدا
لەسەر بەرەی کلاشینکۆف
لە تەنیشت ئاگر
دیژلەمەی خوێنم هەڵقورێنێ.

ئەم مێژووە بۆگەنە پڕاوپڕە لەو پرتەقاڵە جوانەمەرگانەی
پاش کوشتنیش

دوو پەنجەی گومان لە دامەنیان دەچەقێت.
لەم وڵاتە بێ پایە و بێ ئامانەدا
بلۆک دەیان پاساوی هەیە
تا لە دەرگای منیش بدات.



ئەی تەلیسمە فریادڕەسە لە من دوورەکان
من پێش ئەوەی هەنسکی خوشکە بچکۆلەکەم
وەک رووبار لە سلێمانییەوە تا هەولێر پێیەکانم تەڕ بکات
دەمزانی دوعا منم
پێش ئەوەی دایکم بە رەشپۆشی بێتە خەونم
ئەو کاتانەی چاوی مۆبایلەکان خوێن دەچوونەوە
دەمزانی
ئەو کاتانەی
لە ناو بازاری قەیسەری تاسەی دەستە حەشەریەکان
سیسرکە ئاسا بە سەر پەلوپۆمدا هەڵدەگەڕان
دواتریش بە تۆمەتی پانتۆڵێک تێزاببارانیان دەکردم
من دەیان ساڵ بوو لە ناو حەکایەتە خورافییەکانی جەهەننەمدا
لەنجەولاری خۆم دەبینییەوە.
دەمزانی
دەمزانی ئەو"هەشبەسەر"ە لە خۆم زیاتر کەسی تر نییە.